کەربەلا.. دەستگیرکردنی تۆکەی تیرۆرستی کە بەنیازبوون زیارەتکارانی بەشدار لە چلەی ماتەمینی بکەنە ئامانج



ئەمرۆ یەکشەممە، ئەنجومەنی دادوەری دەستگیرکردنی تۆکەی تیرۆرستی راگەیاند، کە بەنیازبوون زیارەتکارانی بەشدار لە چلەی ماتەمینی بکەنە ئامانج

لەلایەکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریدا هاتووە :ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق دەستگیرکردنی تۆکەی تیرۆرستیی 23 کەسیی سەر بە داعش ڕاگەیاند کە ویستوویانە لە وەرزسمی چلەی ماتەمینیی ئیمام حوسێن (سڵاوی خوای لێبێت) هێرش بکەنە سەر زیارەتکاران.

هاوکات ڕاگەیندراوەکە ئاماژەی پێداوە : بەپێی دانپێدانانی تەمتبارانەکە ژنێکیشیان تێدایە، پلانیان هێبووە لە ڕێگەی چاندنی بۆمب، ژەهراویکردنی خواردنی زیارەتکاران و سوتاندنی شوێنی حەوانەوە و مۆکیب و شوێنە خزمەتگوزارییەکان، هێرشکانیان ئەنجام بدەن.

هەر بەگوێرەی ڕاگەیندراوەکە : ئەنجومەنی باڵای دادوەری داوا لە هاوڵاتیان و خاوەن مۆکبەکان دەکات وریابن و چاودێریی هەر هەڵسوکەوتێکی گوماناوی بکەن.